**بەناوی خودای باخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستان – عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆک**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیاری ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٤

**بە پێ ئەو دەسەڵاتانەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە ،بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە(٩) لە ٢٠١٤/١٠/٢٩بڕیارماندا بەدەرکردنی**

## یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤

## یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان –عێراق

## بەشی یەکەم

## پێناسە و زاراوەکان

**ماددەی(١) :**

مەبەست لەم زاراوانەی لەم یاسایەدا بەکارهاتوون ئەمانەن :

**یەکەم :** هەرێم : هەرێمی کوردستان-عێراق .

**دووەم :** زمانە فەرمییەکان : ئەو زمانانەیە کە بە پێی دەستووری هەمیشەیی عێراق دان بە فەرمی بوونیاندا نراوە .

## بەشی دووەم

## بنەما و ئامانجەکان

**ماددەی (٢) :**

کوردی وعەرەبی دوو زمانی فەرمیین لە سەرانسەری عێراقدا ، لە کوردستانی عێراقدا زمانی کوردی زمانی سەرەکییە .

**ماددەی (٣) :**

لە کوردستانی عێراقدا زمانی پێکهاتەکانی تری (تورکمان و سریان و ئەرمەن) لە یەکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیاندا و لە کاتی پێویستدا ، لە پاڵ زمانی کوردیدا فەرمیین .

## بەشی سێیەم

## زمانی یاسا و دادگاکان

**ماددەی (٤) :**

پڕۆژە یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییەکان لە هەرێمدا بە زمانی کوردی ئامادە دەکرێن و دەردەکرێن .

**ماددەی(٥) :**

دەقی یاسا و بڕیارەکان لە رۆژنامەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو دەکرێنەوە ، دەقە کوردییەکە سەرچاوە و بنەمایە .

**ماددەی(٦) :**

**یەکەم** : هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان بە بڕیاری دادگاکانیشەوە ، بە زمانی کوردی بەڕێوەدەچن و دەنوسرێن .

**دووەم** : ئەگەر لایەنێکی داواکە زمانی کوردی نەزانێت ، پێویستە دادگا وەرگێڕێکی بۆ دابین بکات .

## بەشی چوارەم

## زمانی دامو دەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە

**ماددەی (٧) :**

زمانی کوردی ، زمانی ئاخاوتن و نوسینی فەرمی سەرجەم دامەزراوە دەستووری و فەرمانگەکانی هەرێمە .

**ماددەی (٨) :**

زمانی نوسین و پەیوەندی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکانی تری عێراقدا ، زمانی کوردی و عەرەبییە ، بۆ پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان زمانی کوردی و هەر زمانێکی تری پێویست بەکاربێت .

**ماددەی (٩) :**

پێویستە ڕێککەوتنەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکاندا ، بە زمانی کوردی و زمانی لایەنی بەرامبەر بێت .

**ماددەی (١٠) :**

**یەکەم** : تابلۆی سەرجەم دامەزراوە و فەرمانگە حکومییەکان زمانی کوردی و عەرەبی لەخۆ دەگرێت ، بە ڕەچاوکردنی زمانی پێکهاتەکانی تر ، بەمەرجێک نوسینە کوردییەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکە بێت .

**دووەم** : تابلۆی نوسینگە و نوێنەرایەتی و کونسەڵگەری و وڵاتان و ڕێکخراوە بیانییەکان لە هەرێمدا بە زمانی کوردی و عەرەبی و زمانی لایەنەکەی دیکە دەبێت .

**ماددەی (١١) :**

**هەر دامو دەزگایەکی حکومی و نا حکومی عێراقی و بیانی کە مامەڵەی لەگەڵ هاوڵاتیانی هەرێمدا هەبێت ، پێویستە لە فۆرم و نووسراوەکانیاندا زمانی کوردی بەکاربهێنێت .**

**ماددەی(١٢):**

**یەکەم: تابلۆی رێنمایی شەقامەکان و دەستنیشانکردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن ، بە مەرجێک نووسینە کوردییەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکەدا بێت و دەرکەوتوو تر بێت.**

**دووەم : پێویستە تابلۆی ئۆتۆمبێلەکان بە زمانی کوردی بنوسرێت .**

## بەشی پێنجەم

## زمانی خوێندن

**ماددەی (١٣):**

**زمانی کوردی لە پەروەردەو پرۆسەی فێرکردن و خوێندن زمانی فەرمیە لە کوردستانی عێراق .**

## بەشی شەشەم

## زمانی کاروبازرگانی

**ماددەی (١٤):**

**پێویستە گشت کۆمپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت زمانی کوردی بەکار بهێنیت ، بەکارهێنانی زمانی بیانی بە پێی پێویستی خزمەت گوزاری و زمانی بەکار هێنەران ئازادە .**

**ماددەی (١٥)**

**بۆ دامەزراندن ، یان کارکردن بە گرێبەست لە هەر شوێن و کاریک دا ئەوانەی زمانی کوردی دەزانن دەرفەتی وەرگرتنیان زیاتر دەبێت ، بە رەچاو کردنی پسپۆری و تایبەت مەندی کارکردن لە سێکتەرە جیاجیا کان .**

**ماددەی (١٦):**

**پێویستە لە پەیوەندی نێوان خاوەنکارو کارمەندەکانی دا (بە گرێبەستیشەوە ) زمانی کوردی بەکاربهێنرێت دەکرێت لە پاڵیدا زمانێکی دیکەش بەکار بهێنرێت .**

**ماددەی (١٧):**

**پێویستە هەمووجۆرە رێکام و بانگەشەو ئاگاداریەکی کارو بازرگانی لە هەرێم ، بە زمانی کوردی بێت و ، دەکرێت لەگەڵی دا زمانی دیکەش بەکار بهێنرێت.**

**مادەی(١٨):**

**یەکەم:** پێویستە هەموو شتومەک و کەلوپەل و کاڵایەک کەلە هەرێم بەرهەم دەهێندرێت ڕێنمایی بە زمانی کوردی لەسەری بنووسرێت.

**دووەم:** دەزگا پەیوەندارەکان کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی خواردن و دەرمان بە وەرگێڕانی ڕێنماییەکان بۆ زمانی کوردی پابەنددەکەن.

**ماددەی(١٩):**

پێویستە فۆرمی داواکاری و پارەدان و وەرگرتن لەگەڵ هەموو دەزگایەکی خزمەتگوزاریی بازرگانی و پسولە و زەرف .....هتد،بەزمانی کوردی بن، بەکارهێنانی زمانی دیکە لەپاڵیدا ڕێگە پێدراوە.

## بەشی حەوتەم

## زمانی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری

**ماددەی(٢٠):**

**یەکەم:**میدیا و ناوەندی کلتووری لە هەرێم بە زمانی کوردی دەبێت، لەکاتی پێویست زمانی دیکە بەکاردەهێندرێت.

**دووەم:** پێکهاتەکانی دیکەی هەرێم بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان میدیایان هەبیت.

**ماددەی(٢١):**

**یەکەم:** لەکاتی ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی هونەری و کلتووری بیانی لەهەرێمدا دەبێت پۆستەر و پڕوپاگەندەی کارەکە کوردی تێدابێت لەپاڵ زمانە بیانییەکە.

**دووەم:**هەر کارێکی هونەری و کلتووری کە لە هەرێم بەرهەم دەهێندرێت یان نمایش دەکرێت دەبێت بە کوردی بێت، یان وەرگێڕانی کوردی هەبێت.

## بەشی هەشتەم

## زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکان

**ماددەی(٢٢):**

لەهەر یەکەیەکی بەڕێوەبردندا، کە چڕی دانیشتوانەکەی سەر بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە بن، زمانی خۆیان لەپاڵ زمانی کوردیدا دەبێتە زمانی فەرمی بۆ خوێندن، ئاخاوتن، کاروباری کارگێڕی و ناوخۆییان.

**ماددەی(٢٣):**

دەبێت دامەزراوەکانی ئەم جۆرە پێکهاتانە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، زمانی کوردی بەکاربێنن.

## بەشی نۆیەم
## سزاکان

**ماددەی(٢٤):**

ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات،بەر ئەم سزایانەی خوارەوە دەکەوێت:

**یەکەم:**سزاکانی بەرزەفتەکردنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ئەگەر هاتوو فەرمانبەر بوو.

**دووەم:** ئەگەر سەرپێچیکار فەرمانبەر نەبێت ئاگادار دەکرێتەوە کە لە ماوەی (١٥)رۆژدا سەرپێچییەکە ڕاست بکاتەوە ،ئەگەر لەسەر سەرپێچییەکە بەردەوام بوو،بۆ هەر ڕۆژێک بە غەرامەیەک سزا دەدرێت کە لە (٥٠) پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و،لە (١٠٠)سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**سێیەم:** هەموو زەرەرمەندێک مافی جوڵاندنی داوای هەیە لە کاتی سەرپێچی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

## بەشی دەیەم
## مادده دوماهییەکان

**ماددەی (٢٥):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی(٢٦):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی،یان بریارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٢٧):**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**هەولێر**
**٢٠١٤/١٢/٢**

## هۆیەکانی دەرچواندن

لە بەر رۆشنایی ماددەی چوارەمی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدراڵ،بۆ زیاتر پێشخستن و بایەخدان بە زمانی دایک و رێزگرتنی زیاتر لە سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان لە سەر بنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە هەرێمی کوردستان، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**تێبینی لە ژمارە (١٨١)ی وەقائیعی کوردستان لە ٢٠١٤/١٢/١٨بڵاوکراوەتەوە**